# پــــــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [(SUL. G. ( ٢٩٨٥] ساڵی ٢٠١٥**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)**

## بـــۆ پـــرۆژەی: - کرینەوەی جۆی ڕەشی خۆماڵی بۆ ئالیکی ئاژەڵ ( دووەم جار ) .

**پـــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پـــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ب .گرێ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر ( ٤٥٠,٠٠٠ ) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار ی عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٥/١١/٠٩) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٥/١١/٢٢) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی پاش نیوەڕۆ دەبێت .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی ( ٢٣ /٢٠١٥/١١ ) تا کاتژمێر (١٢:٠٠) ی نیوەڕۆ دەبێت.

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ٢٤ / ١١ /٢٠١٥ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : (٦٠) شەست ڕۆژ ( ڕۆژمێری ) .

٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمێڵ ( email ) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش کات .

٨- پێویستە لە سەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ(١) ی ٢٠١١ ,مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەیی عێراقی بەشی (١و٢) بێت .

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە مۆڵەتیان هەبێت لە وەزارەتی بازرگانی , پێناسی ژووری بازرگانی و پیشەسازییان پێبێت و ماوەی بە سەرنەچوبێت .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە بیانیانەی کە بەشداری دەکەن مۆڵەتی ( کردنەوەی لقیان هەبێت ) لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٤- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦-بری بارمتەی یاسایی بە بری ( ٨٤,٠٠٠,٠٠٠ ) هەشتاو چوار ملیۆن دینارەو بە (چەکی پەسندکراو) یان (خطاب ضمان) بۆ ماوەی (١١٨) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت .

٧- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت .ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت

٨- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٩- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

**سەدار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٥/١١/

وێنەیەك بۆ

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی ٢/ سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .گشتی کشتوکاڵی سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / ڕێژەی٥٠٪ ی نرخی جۆکە لە سەر بوودجەی پاڵپشتی جووتیارانەوە بۆ ساڵی ٢٠١٥ و ڕێژەی٥٠٪ ی ڕاستەوخۆ بەڵێندەر لە جوتیاری وەردەگیرێت لەلایەن نوێنەری خۆی لە قەزاو ناحیەکان .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بلاوکردنەوە لەرۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- ب . تەکنەلۆجیای زانیاری .
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە.